# تابلۆی هەڵپەڕکی گروپی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان

## - هەمیشە سوید و ئەوروپای هەژاندوە -

ئاسایش عوسمان دانش



( ئەندامانی گروپی هەڵپەرکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان )

هاوینی ئەم ساڵ لەناوچەی هەممەر کولەی شاری یۆتۆبۆری لەکەرنەڤاڵە قەشەنگەکەی ساڵانە کەلەشاری یۆتۆبۆری سوید ساز دەکرێت گروپی هەڵپەڕکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لەناو زیاتر لەچل کۆمەڵەو گروپی نەتەوەکاندا بە تابلۆ سەرکەوتووەکانی توانی پلەی یەکەم و نازناوی باشترین گروپ و نازناوی پاشای ئەم کەرنەڤاڵەبەدەست بهێنی و ببێتەجێگای ڕەزامەندی هەموو جەماوەری ئامادەبوو و کەسایەتی کەرنەڤاڵەکەو ناساندنی کلتورو هونەری نەتەوەکەمان کە هۆیەکی مەزنەبۆ تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی گرنگ و بەرچاو لەسوید و ئەوروپادا کەبێگومان ڕەنگدانەوەی مەزنی دەبێت بۆ دوا ڕۆژی هونەرو کلتوری ڕەسەنی نەتەوەکەمان .

پێشتر وەک هەواڵێکی کورت لەزۆربەی ماڵپەڕو سایدەکوردیەکانی وەک { کڵاو ڕۆژنەو چرا تێڤی و ئاسۆ و چراکان و ڕوناکی و کوردستان نێت و پێنوسی کورد } وچەندەهای تردا وەک کورتەباسێک بڵاوم کردووەو خوێنەران بەم هەواڵە ئاشنا بوون ، من پەیمانم دابوو لە ڕێپۆرتاژێکی تێرو تەسلدا باس لەچۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان و ساڵانی تەمەنی وچاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵەو سەماکارانی گروپی هەڵپەڕکی بکەم بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز و جەماوەر ئاشناتر بن بەم کۆمەڵەیە کە لە تاراوگە و وڵاتێکی گرنگی وەک سوید کەیەکێکە لە وڵاتە گەورەکانی ئەسکەندناڤیا دامەزراوە بەڵام بەهۆی هەندێ هۆوە ، نوسین وبڵاو کردنەوەی ڕێپۆتاژەکە دواکەوت ، بە داوای لێ بوردنەوە وا ڕێپۆرتاژەکە دەخەمە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست هیوادارم لاتان پەسەندبێت و ببێتە جێگای ڕەزامەندیتان.

{{ ڕێپۆرتاژەکە}}

لەسەرەتای خۆئادەکردنم دا بۆ نوسینی ئەم ڕێپۆرتاژو وبابەتە کە ماوەیەکی زۆرە بە هیوام سازی بدەم لەگەڵ کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان چونکە بەرهەمەکان و تابلۆ و سەماکانی ئەم گروپی هەڵپەرکیەی کۆمەڵە کارێکی گرنگ و هەستیارە بۆ ئەوەی هەموو زانیاریەکان دەربارەی چۆنیەتی کارکردن و هەواڵەکانیان بخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆێنەر و عاشقانی هونەرو

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

کلتوری نەتەوەکەمان وجەماوەری خۆشەویست بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاشنا بن بەم کۆمەڵەیەو گەنجان سەماکەرانی ئەم گروپە کە بەلای منەوە بەسەفیرو نۆێنەرێکی ڕاستەقینەی سەماو وهەڵپەرکیی کوردی دادەنیم و بەتیپێکی کلتوری نەتەوایەتی کوردی ئەژمار دەکەم لەتاراوگە بەتایبەتی لەوڵاتێکی وەک سوید کەیەکێکە لە وڵاتە گەورەکانی سکەندناڤیا و ئەوروپا ئەمەش بۆتەهۆی ناساندنی ڕوویەکی گەشی هونەر و کلتوری کورد بەنەتەوەکانی ئەم وڵاتانە ، بۆئەم مەبەستەش پەیوەندیم بەهاوڕیم هونەرمەند و شانۆکار کاک دڵشاد وەکرد کەیەکێکەلەوکەسایەتیەسەرەکیانەی ئەم کۆمەڵەیەیان دامەزراندووەساڵانێکی زۆرەو لە هەمان کاتیشدا ڕاهێنەری گروپی هەڵپەرکی و دانەری تابلۆی سەماکان و سەرۆکی کۆمەڵەکەیە.

دڵشاد ئەحمەد لەدایک بوی ساڵی 1963 یەو لەشارەجوانەکەی باشوری کوردوستان شاری کەرکوکی کوردان لەدایک بووەلەساڵی خۆێندنی 85 ،86 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردوە بەشی دەرهێنان هەر لەساڵی 1985 خێزانی پێکەوەناوەو لەگەڵ خاتوو نیان بۆتە هاوسەر و خاوەنی دوو کوڕ و کچیکە بەناوەکانی { ئاگا ،، ڕێگا ،، ئاسا } .

لەشانۆ کاری زۆری ئەنجام داوە چ لە بواری دەرهێنان چ وەک ئەکتەر ، ئەو شانۆیانەی کە هەستاوە بە دەرهێنانی ئەمانەن { تەرازو ، خۆر هەڵاتن ، قەڵای دمدم، فاوست ، هاوڕی گیانداران ،، سمکۆڵانی ئەسپەشی } و چەندەهای تر.

لەم شانۆیانەدا ئەم ئەکتەرە بەرێزانە کە لەشانۆدا زۆر بە ناوبانگن ڕۆڵیان لە کارەکانیدا بینیوە لەوانە مامۆستا { عەبدولی حەمەجوان ، شەماڵی عەبەرەش ، مامۆستا حیکمت هیندی ، ئومیدی شێخ حسین، ماهیر حەسەن ، شادان فؤاد } وەک ئەکتەریش لەم شانۆیانەدا ڕۆڵی بینوە وەک { کوێر ئۆغلۆ ، هاملێت ، بەرەو خۆر ، حەمەدۆک ، گۆرانی عەشق ، لە تیغی شمشیر مەترسە} ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردوستان بووە لەشار و شاخ ، لەدوای ڕاپەرینەکە لەشاخەوە هاتوتەوە شار و دواتر ساڵی 1995 بەرەو هەندەران هاتووەو و ئێستا لە شاری یۆتۆبۆری لەسوید لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی نیشتەجیە. لە بواری نوسینیشدا لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا خاوەنی چەندەها بەرهەمی نوسینە.

لەسوید ماوەی سێ ساڵ لە { ئەنگرێت تیاتەر } وەک ئەکتەر کاری کردوە لەچەندەها کاری شانۆیی سویدیدا ڕۆڵی دیوە وەک ( کۆم باک ،، کۆ و گێلرز ،، ئەڵت نو ) .

لەمیانی ئامادەکانی ئەم ڕێپۆرتاژەدا چاوم کەوت بە کاک دڵشاد و هەندێ لەو لاوە سەماکارانەو ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵیان سازدا.

کاک دڵشاد / چ ساڵێک کۆمەڵەکەتان دامەزراند ، لەچ ناوچەیەک بوو ، ئەو هونەرمەندو کەسایەتیانەی هاوبەشت بون و هەمەهانگیان کردویت کێ بوون ، وەک یەکێک لەکۆمەڵەکوردیەکانی شاری یۆتۆبۆری و وڵاتی سوید کێ یارمەتیدەرتانە، بۆ نازناوی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانتان هەڵبژاردوە، زیاتر کۆمەڵەکەتان ڕووی کردۆتەهەڵبژاردنی تابلۆی هونەری هەڵپەرکی ، بۆ کۆمەڵەکەتان بۆ شانۆ کار ناکات بەتایبەتی کە تۆ دەرچووی شانۆیت بەشی دەرهێنان ، ئایەکۆمەڵەکەتان بەفەرمی مۆڵەتی پێدراوە لەلایەن کۆمۆنی شاری یۆتۆبۆریەوە ، نەخشەتان چیەبۆ داهاتوو ، بەنیازن لە ڤیستڤاڵ و کەرنەڤاڵە گەورەجیهانیەکان دا لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا لەبۆنەکان یادەکانی نەتەوەیی خۆمان هەم لەئەوروپا و هەم لەکوردوستان بەشداری بکەن.؟

دڵشاد ،، /

بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان ئەگەرێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی نەوەدەکان کە هەستم کرد پێویستە جیگایەک هەبێت خەڵکەکە کۆ بکاتەوە وەک خاڵێکی یەکتر بینین بۆیە بیرم لەدامەزراندنی کۆمەڵەیەک کردەوەلەم

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەشەی شاری یۆتۆبۆری کە زۆربەی دانیشتوانی خەڵکی غەیرەسویدین . بۆنی ئەم کۆمەڵەکلتوریەم زۆر بە پێویست دەزانی بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ ناساندنی کلتوری کوردی بەکۆمەڵگای سویدی ، دور لەسیاسەت و ململانیەکانی کەلەجیاتی سود ئەبێتەکۆسپ لە ڕێگای خزمەتی کلتورو و هونەری کوردی ئەم قسەیەم لەڕێی خبرەوە ئەڵێم چونکە زۆربەی ئەو گروپ و کۆمەڵانەی سیاسین نەیان توانیوە زۆر سەرکەوتوو بن لەناساندنی کلتوری کوردی بەکۆمەڵگای سویدی ، بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵەی هونەرجوانەکانی شاری یۆتۆبۆری لەسوید لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بەکۆمەڵەیەکی بێلایەن ناسراوین و هەموو لایەک ئەم ڕاستییەی لا بەر جەستەیە، بەڵام وەکو تاکەکەس خەڵکانی سەر بە هەموو لایەنەکانمان هەیە، وەکو دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە هەر یەکە سیاسەتی خۆی لەدەرەوی کۆمەڵە بەئازادی ئەکات ، بەڵام لەکۆمەڵەکەدا ئەبی بێلایەن بێت ئەگینا لەپڕنسیپی کۆمەڵە دەرئەچێت ، بۆیە هیچ کەسێک بۆی نیە کاری سیاسی لەگەڵ کاری کۆمەڵەدا تێکەڵ بکات تا ئێستاش هەر هەموو لایەکمان سوورین لەسەر بێلایەن بونی مانەوەی کۆمەڵەکەمان و زیاتر خزمەت کردنی کلتوری کوردی مەبەستی سەرەکیمانە و ئەوەی مایەی خۆشحاڵیشمانە تا ئەمڕۆ سەرکەوتوین لەڕێچکەکەماندا، من خۆم بەتەنها دەستپێک توانیم کۆمەڵە دروست بکەم دواتریش هەندی کەسی تر هاتن و وەک دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵە کاریان کرد لەوانە هونەرمەندی شانۆکار ، هاوڕێم کاک عزەت ڕەؤف.

هەبوونی زانیاری دەربارەی ژینگەی وڵاتی سوید زۆر گرنگ و پێویستە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە کۆرسی تایبەتیمان هەیە، تا ئێستا چەندەها جار چوین بۆ سەردانی فەرمانگەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژینگە لەشاری یۆتۆبۆری زانیاری چاکمان لەم ڕووەوە دەستکەوتوە، لێرەدا بەهەلی ئەزانم سوپاسی هەموو ئەم لایەنانە بکەم کەیارمەتیان داوین.

کۆرسی تایبەتیمان هەیە بۆ فیربوونی یاسای ژیانی ڕۆژانە کەئەمەش زۆر گرنگ و پێویستە بۆ کەسێک بیەوێت لەوڵاتی سوید بژێت و بزانێت ماف و ئەرکەکانی سەرشانی چیە لەڕووی کڕین و فرۆشتنیخانو بەرە یان هەر کالایەکی تر ، ژنهێنان و تەڵاق ، ئەوەی جێی داخە بێ ئاگایی لەو ماف و ئەرکانە گەورەترین کێشەی بۆ کوردانی تاراوگە دروست کردووە،

هەروەکو لەسەرەتادا ووتم مامۆستای ئەم وانانە جگە لەووتنەوەی وانەکانیان زۆرجار یارمەتی بەشداربووان ئەدەن لەڕووی تەلەفۆن کردن بۆ دایەرەکان و تەرجەمەکردن ، گەر پێویستیشی کردبێت لەگەڵیاندا چون بۆ ئەو فەرمانگەو شوێنانە، لە گەڵ ئەوەشدا هەوڵیان بۆ ئەدەین کەوا پراکتیک و کاریان بۆ بدۆزینەوە تا ئێستا بۆ چەندەها کەس پراکتیک و کارمان پەیدا کردوە ئەمە جگە لەسیمینار و کۆڕ و کاری هونەری و کاری کلتوری ، بۆ نمونە ساڵی دوو هەزار شانۆگەری { بیرەوەری ، و پێنج تابلۆمان } لەهۆڵەنداوە بانگێش کرد بۆ شاری یۆتۆبۆری ، شانۆیی بیرەوەری ئامادەکردن ودەرهێنانی هونەرمەند کامەران ڕەؤف و نواندنی هونەرمەندان ، شادان فؤاد ، سۆران ئیسماعیل ،،شۆڕش قادر ،، شنۆ و شایی شەماڵ بوو ، شانۆگەری پێنج تابلۆ دەرهێنانی هونەرمەند شۆرش قادر و نواندنی هونەرمەند شەماڵی عەبەڕەش بوو.

ساڵی 2001 شانۆگەری ( وێرانە) مان بانگێش کرد بۆ یۆتۆبۆری ئەم شانۆگەریە لەئامادەکردن و دەرهێنان و نواندنی هونەرمەند کامەران ڕەؤوف بوو ، هەروەها دوو فیلمی سینەمایمان بانگێش کرد ، یەکەمیان فیلمی ( بەهەشتی سووتاو ) لەستۆکهۆڵمەوە لەدەرهێنانی هونەرمەند ئاراس ڕەشید ، فیلمی ( فرمێسکی ڕەش ) لەهۆڵەنداوە لە دەرهێنانی هونەرمەند کامەران ڕەؤوف ، هەر لەهەمان ساڵدا کۆمەڵەکەی خۆمان شانۆگەری ( فاوست و نەورۆز ) مان پێشکەش کرد ، لەئامادەکردن و دەرهێنانی خۆم و نووسینی عبدالکریم ڕەشید و وەرگێڕانی کاک ئازاد بەرزنجی بوو ساڵی 2004 یش کۆمەڵەکەمان شانۆگەریەکی ترمان بە ناوی ( کێژەڵوکەیەک لەکوردستان) وە بۆ مناڵان پێشکەش کرد ، لەدەرهێنانی خۆم ونووسینی خانمێکی سویدی بوو بەناوی کریستینا لە نواندنی خۆم و زیاتر لەپانزە مناڵی سەر بەکۆمەڵەکەمان بوو

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

، ئێستاش ئەوە ماوەیەکی زۆرە ئەم گروپە هەڵپەرکییەمان هەیە کە لەپەنجا لاوی کچ و کوڕ پێکهاتووە، ئەم گروپەلەساڵی 2000 وەدەست بەکار بووەو بەردەوامە لە پێشکەش کردنی چالاکیەکانی خۆی ناوبانگی ئەم گروپە گەیشتوتە دەرەوەی سوید بۆ ئەوروپا ، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم گروپە لەئەوروپادا بووتە سمبولێکی نەتەوایەتی بۆ کورد لەهەموو ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکانی شاری یۆتۆبۆری و ئەوروپادا بەشدار بووین یەکەم گروپەکە زۆرترین بەشداریمان هەیە، لە زۆربەی بۆنەو ئاهەنگەکانی گەلی کورد بەشداریمان کردوە لە سوید و ئەوروپادا ، لە ڤیستڤاڵ و کەرنەڤاڵ و زۆربەی بۆنەکانی سوید بەو پەڕی سەرکەوتوییەوە چالاکییەکانمان پێشکەش کردوە ئەم گروپە یەکێکە لەو هەشت گروپە گەورانەی کە کەرنەڤاڵی ساڵانەی هەممەر کوللە پشتی پێ ئەبەستێت ، گروپێکە لەگروپە هەرە گرنگەکان بۆ ڕازاندنەوەی ڤیستڤاڵی لیسەبێری و ڤاربێری کلتور کلاسی یۆتۆبۆری ئەم سالیش بۆ جاری سێیەم گروپەکەمان پلەی یەکەمی بەدەست هێنا لەنێوان هەموو نەتەوەو گروپ و تیپە بەشداربووەکانی سی و چوارەمین ساڵی کەرنەڤاڵی هەممەر کولە کەبە گەورەترین کەرنەڤاڵی وڵاتانی سکەندەناڤیا ئەژمار دەکرێت ساڵانی 2003 و 2006 ئەم گروپە پلەی یەکەمی بەدەست هێناو بە نازناوی شاژنی کەرنەڤاڵی 2006 یش لەم گروپەدا هەڵبژێردرا ، ئەم ساڵێش یەکێک لە لاوە سەماکەرەکوڕەکانی گروپەکەمان خەڵاتی پاشای کەرنەڤاڵەکەی پێبەخشرا،

تا ئێستا ئەم گروپە لە پێنج ڤیدو کلیپی گۆرانیدا بەشداری کردوە، دوو بەرهەمی گۆرانی بێژ عەزیز وەیسی بەناوی { گوڵ و بنوە) و دوو بەرهەمی گۆرانیبێژ مەریوان سەفادین بە ناوی (( ئای لەمن و کۆڵانی تەنگ )) و بەرهەمێکی گۆرانیبێژ هەردی بەناوی ( یار ) دەتوانم بڵێم کۆمەڵەکەمان ساڵانە سێ تا چوار گەشتی سەفەر و سەیران دەکات بۆ دەرەوەی شاری یۆتۆبۆری.



{{ گروپەکە لەکاتی پێشکەش کردنی چالاکیەکانیدا }}

گەورەترین گرفتیش کەتوشمان دەبێت کێشەی ئابوریە چونکە یارمەتی لایەنە فەرمیەکان بەشی ئەو خەرجی و پێداویستیانەی کە خودی کۆمەڵەکە پێویستیەتی ناکات ، کۆمەڵە خەرجی زۆرە یەکیک خۆی لەکۆمەڵەدا کار نەکات نازانێت ، لەوانە بڕی کرێی لۆکاڵی مانگانەو کارەبا و ئینتەرنیت و شت وەکی تری لۆکاڵ ، وەک هەر ماڵ و لایەنێک ئەمەو چگە لە پارەی بەنزین و هاتوو و چوو گواستنەوەو سەفەر ئەو یارمەتیانەی وەریدەگرین بەشی نیوەی پێداویستیەکانمان پڕ ناکاتەوە، لەوەش زیاتر نامەوێ بدوێم لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی نەڵێن مبالەغەیە.

یارمەتی مەعنەویش نازانم چی بڵێم ، ئەوەی جێی داخە ئەم ساڵ نەبێت بەدرێژایی ئەو نۆ دە ساڵەی تەمەنی کۆمەڵەکەمان ئاوڕیکی جدی و ئەوتۆمان لە لایەن میدیا و ڕاگەیاندنە کوردیەکانەوە لێ نەدراوەتەوە تەنها ئەوانەی کەزۆر بە گەرمی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

باسی لاوان و ئافرەتان دەکەن تا ئێستا نەهاتون ئەم گروپە کەپێک هاتوون لەپەنجا کەس بەسەر بکەنەوە.؟ ئەوە گرنگ ئەوەیەهەموو لایەک بۆیان ڕوون بۆتەوە کەئەم لاوانە شێاوی زۆرن و جێی شانازی میللەتەکەیانن.

**پرسیار،،،،**

**کاک دڵشاد ،، بۆ چونی خەڵکی غەیرەکوردەکان چیە لەسەر هونەرو کلتور و چالاکیەکانتان تا ئێستا لەگەڵ چەند ڕێکخراو و دەزگای هونەری و ڕۆشنبیریدا پەیوەندیان هەیە.؟**

**دڵشاد ،،،**

لەڕاستیدا ئەوروپاییەغەیرە کوردەکان ڕێزێکی زۆر لەهونەر و هونەرمەند ئەگرن هەر بەو پێەش ڕێزێکی زۆر لەگروپەکەمان ئەگرن وە ڕایەکی یەکجار پۆزەتیڤیان هەیە لەم ڕوەوە و هەمیشە دەستخۆشیان لێکردوین ، هەر جارێ تیپەکەمان نمایشیان بۆ خەڵکانی سویدی کردبێت هەستمان بەو ڕێزو تێڕوانیە پۆزەتیڤە کردوە، لەکاتی نمایشتەکاندا سەرقاڵی هیچ شتیک نابن هەناسە لەخۆیان ئەبڕن هەست و مێشکیان لای میوزیک و شێوەی جووڵەی ئەو لاوە سەماکارانەیە ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ساڵی 2004 بوو تیپەکەمان لە لایەن تیپی تۆپی پێ پلە نایەبەکانی ژنانی سویدەوە بانگێش کران و لەوێ بۆ ماوەی بیست خولەک هەڵپەڕین ، هەمووان بەو پەڕی ڕێزو ئیعجابەوە پێشوازیان لێکردین و نمایشەکەمان بووە مایەی ڕەزامەندی و سەرسووڕمانێکی زۆری هەموو لایەک ، هەر وەک ووتم ئەوان وەک ئێمەنین ، لەکاتی سەیر کردندا هەناسە لەخۆیان دەبڕن بۆ ئەوەی چێژ لە هەموو چرکەیەکی هەڵپەڕکیکە وەرگرن لەلایەن پەیوەندیشەوە، کۆمەڵەکەمان پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ زۆرێک لەدەزگا هونەری و ڕۆشنبیریەکانی شاری یۆتۆبۆریدا هەیە، زۆر جار هەوڵ ئەدەین کاری هاوبەش بکەین و زۆرجار یارمەتی و هەماهەنگیمان دەکەن ، لەبانگێشە شانۆییەکان یارمەتیەکی زۆریان داوین جێگای سوپاس و ستایشن ، ئێشتاش نیازمان وایە زۆر کاری هاوبەشمان لەئایندەیەکی زوودا هەبێت جگە لەمە لەگەڵ ئەمان و لەگەڵ دەزگا هونەری و ڕۆشنبیریەکانی کوردوستان چەند پرۆژەیەکی هاوبەشمان بەدەستەوەیە هیوادارم سەرکەوتوبین تیایدا.

**پرسیار ،،،،،،،،،،**

**ئامانجی کۆمەڵەکەتان چییەئەم کۆمەڵەیە لەچەند بەش پێکهاتووە، پێناسەیان بکە؟**

**دڵشآد ،،،،،**

هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ئامانجی سەرەکی ئێمە وەک کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان ناساندنی کلتوری کوردیە بە ئەوروپا ، لە هەمان کاتدا خزمەتکردنی ئەو لاوەکوردانەیە کە لە ئەوروپا گەورەدەبن ، بۆ ئەوەی هەمیشە پەیوەندیان هەبێت لەگەڵ وڵات و کلتورەکەیان و ئەم پردە ببێتە مایەی بەهێز کردنی پەیوەندی ڕوحی لەگەڵ خاک و میللەتەکەیاندا ، لەلایەکی تریشەوە دوور خستنەوەیان لەتەنگ و چەڵمەی ژیانی ئێرەکەزۆر لاوی خستوەتەگێژاوی ژیانەوە، بەلایەنی گەورەسالانیشەوە هەموو هەوڵێکمان ئەخەینە کار بۆ خزمەت کردنیان لەڕووی فێرکردنی زمان و کۆمپیتەر و کاروباری کۆمەڵایەتی و یاسا و تەرجەمەکردن و پڕ کردنەوەی کاغەز و فۆڕمی دایرەفەرمیەکان ، تەلەفۆن کردن بۆ دایەرەکان و بگرە زۆر جاریش ڕۆیشتن لەگەڵیاندا بۆ زۆربەی دایەرەو شۆێنەگشتیەکان و نەخۆشخانەکان.

کۆمەڵەکەمان لەچەند بەشێکی جیاواز پێکهاتوە بەشەسەرەکیەکەی کلتورە، بەشی وەرزش و کۆرس و خۆێندمان هەیە، ئەوەی ڕاستی بێت بەشی وەرزشەکەمان ئێستا وەکو جاران چالاک نیە بۆیە لێرەدا زیاتر لەدوو بەشەکەی تر قوڵ ئەبمەوە، خۆێندنی کۆرس لەکۆمەڵەکەماندا هەمەجۆر و هەمەئاستەبۆ نموونە کۆرس بۆ فیر بوونی زمانی سویدی ، کۆمپیتەر ، کۆمەڵایەتی، یاسای ژیانی ڕۆژانە، فیربوون و قاڵبوونەوەلەزمانی دایک ( کوردی ) فیربوونی زمانی سویدی چەند ئاستێکی

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

جیاوازی هەیەو مامۆستای سویدی کوردشمان هەیەبۆ ئەم مەبەستەبەگۆێرەی ئاستی گروپەکە،، فێربوونی کۆمپیتەر بێگومان ئەم کۆرسەش هەر بەئاستی جیاواز هەیەبۆ نموونەسەرەتایی و فێربوونی زانیاری دەربارەی زانستەبنەماکانی کۆمپیتەر تا فێربوونی فۆتۆشۆپ و ویبدیزاین مۆنتاژ کردنی فیلم ، دەنگ و ڕەنگ.

کۆمەڵایەتیش یەکێکە لەکۆرسەکان کەهەوڵ ئەدەین بەگوێرەی توانا زۆرترین زانیاری دەربارەی کۆمەلگای سویدی بگەیێنین بەبەشدار بووان ، کە ئەمە شتێکی زۆر گرنگ و هەستیارەچونکەئەوەی جێی داخەگەورەترین گرفت بۆ کوردانی تاراوگە نەزانینی داب و نەریت و ئەلف و بای ژیانی کۆمەڵگای ئەوروپاییەئەمەش دەبێتەهۆکاری لەیەک نەگەیشتنێکی زۆر.

فیربوونی زمانی کوردیش بەلامانەوە زۆر گرنگەبۆیە کۆرس بۆ ئەو منالەکوردانە ئەکەینەوەکە ئارەزووی فێربوونیان هەیە، لەبیر نەچوونەوەی زمانی دایک مەبەستی سەرەکی ئێمەو زۆر خێزان و دایک و باوکەکانە.

**پرسیار** ،،،،،

**شێوازی ڕاهێنان و پرۆڤەکانتان چۆنە،، چەند مامۆستاتان هەیە،، ئەو بنەمایانەچین کەکاریان لەسەر دەکەن.؟**

لەدوو مانگی شەش و حەوت کەپشووی قوتابخانەیەمەشق و ڕاهێنانەکانمان بەشێوەیەکی چڕ و پڕ دەبێت ، هەروەها مانگی پێنجیش بەهۆی دەست پێکردنی کەرنەڤاڵی هەمەر کوللەوە کەدوا شەممەو یەکشەمەی ئەو مانگەدەست پێدەکات بەهەمان جۆر ڕاهێنان و پرۆڤەکردنمان چڕ و پڕ دەبێت لەڕۆژانی دەوامی قوتابخانەدا هەفتەی دوو سێ جار مەشق و ڕاهێنان دەکەین ئەو هەفتەیەی کەبۆنەو ئاهەنگ ئەبێت پرۆڤەکانمان کەمێک زیاتر دەکەین. وەڵامی ئەو بەشەی تری پرسیارەکەت ، من خۆم لێپرس و ڕاهێنەر و سەرپەرشتیاری گروپی هەڵپەرکێم بەڵام وەک کۆمەڵەهەر کۆرس و مامۆستای خۆی هەیە،، وەکو تریش دەستەی بەڕیوەبەری کۆمەڵە هەیەو من خۆشم سەرۆکی کۆمەڵەکەم بۆیەکاتی خۆمم تەواوتەرخان کردوەبۆ بەڕیوەبردنی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان ، بەدڵفراوانیشەوەزۆر ئاواتەخوازم کە کەسایەتی تر پەیدا بێت بۆ گرتنەئەستۆی بەر پرسیاریەتی لەم کۆمەڵەیەدا. دەربارەی شێوەی کارکردن لەگەڵ گروپەکەدا من خودی خۆم بەهیچ شێوەیەک حەز ناکەم شێوازەکۆنە تەقلیدیەسادەکانی هەڵپەرکێکان بمێننەوە، بگرە زۆر بەئاگادارییەوەجوانکاری و

ووردەکاری لەشێوازی هەڵپەڕکی کوردیەکانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورەپەیڕەو دەکەم بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک نرخە میللی و کوردەواریە ڕەسەنەکەی وون بکات ، بەڵکو هەموو هەوڵێکم ئەخەمەکار بۆ ئەوەی بتوانم ئەو جوانکاری و ووردەکاریانە بەهایەکی زیاتر بخەنەسەر شێوازی هەڵپەرکێکان و بیانگونجێنم لەگەڵ هونەری کەرنەڤاڵ و ڤیستڤاڵی ئەم سەردەمەی هونەر و کلتوری ئەوروپا و جیهان.

دەمەوێ بڵێم ئەمساڵ لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردوستان دا کۆمەڵەکەمان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردوستانەوە بانگێش کراین بۆ ئەوەی تابلۆی هەڵپەرکێکانمان پێشکەشی جەماوەری هەموو هەرێمی کوردوستان حیزب و لایەنەکان بکەین ، ئێمەش بەخۆشحاڵێەوەئەم داوایەمان پەسەند کرد و لەشاری سلێمانی نمایشی خۆمان پێشکەش کرد بۆ هەموو جەماوەر و کیانەسیاسیەکانی کوردوستان بێ جیاوازی وەپەیامی ئازادی و پێکەوەژیانمان ڕاگەیاند بە هەموو لایەک .

**دواتر لەگەڵ هەندێ لەلاوەسەماکەرەکانی گروپەکەدواین ئەم پرسیارانەمان ئاڕاستەکردن بەم شێوەیە،،**

**یەکەم ،، خاتوو شۆڤان تۆ وەک سەماکەرێک و گەنجێکی بە توانای گروپی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان ،، لەچ ساڵێکەوەپەیوەندیت کردوەبەکۆمەڵەوە،، وەک لەتابلۆکانا دەیبینین یەکێکیت لەهەرە ئەندامەچالاک و باشەکانی گروپی هەڵپەرکی کۆمەڵە زۆر بەپرۆڤیشناڵی ڕۆلێکی بەر چاوو دەبینی لەتابلۆکانا ،، ئایا لەکوردوستان دەرچووی هیچ قوتابخانەو پەیمانگایەک نەبویت یا بەشداریت نەکردوە لەگەڵ هیچ گروپ و تیپێکی هونەریدا ،، یا تەنها بەهەوڵ و**

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ماندو بوونی خۆت گەیشتووی بەم ئاستە،، چونکە لە ڕووی ڕێک و پێکی و جوانکاریەوەتوانایەکی باش و سەرکەوتویت لەبواری هەڵپەڕکی سەمای کوردیدا .؟

شۆڤان / ساڵی 99 دەستم پێکردوە لەتەمەنی هەشت ساڵیدا هاتوم بۆ سوید، نەخێر دەرچووی هیچ قوتابخانەو پەیمانگایەکی سەما نیم ،، هەر لەسەرەتاوەمامۆستا فێری کردوم زۆر سودم لێبنیوە بەهەمیشەو بەردەوامی لەگەڵمان خەریکە،

دوەم ، هێلڤان ، پێشەکی پیرۆزبایی ئەم نازناوە گرنگەت لێدەکەم کەلەدواهەمین کەرەنەڤالا بەدەستت هێنا ، بۆیە پرسیاری ئەوەت لێدەکەم کەهەستت بەچی کرد کاتێک هەواڵەکەت زانی ، دواتر پرۆژەی داهاتوتان چیە

(( هێلڤان کاتی وەرگرتنی نازناوی پاشای کەرنەڤاڵەکە ))



هێلڤان / من ماوەی هەشت مانگەبوم بەئەندام لە کۆمەڵەدا و لەگەڵ گروپی هەڵپەرکێدا دەستم پێکردوە، ئەمساڵ کە لەکەرنەڤاڵی هەممەر کوللە بەشداریمان کرد زۆر هەوڵمان دا بۆ ئەوەی سەرکەوتوبین و پلەی باش بەدەست بهێنین لەکوتایی کەرنەڤاڵەکەکاتێک پێیان ڕاگەیاندم کەنازناوی پاشای کەرنەڤاڵەکەم بەدەست هێناوە هەستم بەخۆشیەکی زۆر کرد ئەم سەرکەوتنانەشمان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی هەمووان و ئەرکی مامۆستا دڵشاد ، پرۆژەی داهاتوشمان زۆرەو هیوادارم سەرکەوتوو بین لەکارەکانماندا.

سێهەم ، خاتوو ئاسا ، یەکێک لەلایەنە باشەکانی گروپەکەتان ئەوەیەکەژمارەی سەماکەرانی کچ و کوڕی تیپەکەتان زۆرەو ئەمەش ڕویەکی جوان و قەشەنگی داوەتەگروپەکەتان لەکاتی پێشکەش کردنی بەرهەم و تابلۆکانتانا بەتایبەتی لەو کلیپانەی کە بەم دوایانەلەگەڵ هونەرمەند عەزیز وەیسی و چەند هونەرمەندێک تۆمارتان کرد ،، دەمانەوێ بزانین ژمارەی تەواوی سەماکەرانی گروپەکەتان لەکچ وکوڕ چەندە، ئایا پشت بەچ سەرچاوەیەکی هونەری دەبەستن بۆ فیربوون و ڕاهێنان و پێشخستنی تواناکانتان.؟

ئاسا / گروپەکەمان نزیکەی 50 کوڕ و کچین کەئەمەش وای کردوە گەورەترین گروپ بین هەمیشە ئێمەڕاهێنان و پڕۆڤە لەسەر شتی نوێ دەکەین و تابلۆی سەماکانمان مۆدێرنە نەک فۆڵک دانس واتەفلکلۆری .

لەدوایدا من سوپاسی هاوکاریتان دەکەم بۆ سازدانی ئەم ڕیپۆرتاژەو هیوادارم هەر لەگەشەکردن بەرەو پێشەوەچون دابن.

ئێمەش بەناوی کۆمەڵەکەمانەوەسوپاسی ئێوەدەکەین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و زۆر سوپاس ،،،،

24 ی دیسمبەری ساڵی 2009 / سوید ـ بۆرۆس

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image